# د.حیسامەددین عەلی غالب نەقشبەندی ژیاننامە و ڕێبازی لە نوسینەوەی مێژودا

**شوان عوسمان موستەفا[1] - شەماڵ ئەحمەد محەمەد صاڵح[2]**

[1]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، [ زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە

ناتوانین بەهەمو کەسێک کە مێژو بنوسێتەوە وڕوداوەکان تۆماربکات، بڵێین مێژونوس، چونکە کاری مێژونوسی ئەرک و بەرپرسیارێتی و پسپۆری وردە، پێویستی بە میتۆد و ڕێبازێکی زانستی دیاریکراو پشت بەستو بەکۆمەڵێک ئامرازی مەعنەوی وەک ڕاستگۆیی و بابەتی و بێلایەنی لەلایەک و مادی وەک بەڵگەنامە و دەستنوس و سەرچاوە لەلایەکی تر و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری بۆ شرۆڤەکردن و هەڵێنجاندن هەیە، ئەمانەش ڕێبازکاری مێژونوس بەرەو ئاراستەیەکی زانستی دەبات، لەبەرامبەردا دوردەکەوێتەوە لەلایەنی تەقلیدی و گێڕانەوەی دەماودەم کە مێژونوسانی پێشو بۆ گێڕانەوەی ڕوداوە مێژوییەکان پشتیان پێبەستوە، حیسامەددین عەلی غالب نەقشبەندی یەکێکە لەمێژونوسە دیارەکانی کورد کە ڕۆڵێکی گرنگی لەنوسینەوەی مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەگشتی و سەردەمی ئیسلام بەتایبەتی بینیوە، تەنانەت وەک پسپۆر لەمێژوی ئیسلامی ناوی لەپاڵ نوسین و بڵاوکراوە مێژوییەکانیدا هاتوە و لەئاستی هەمو عێراقیشدا ناسراوە، لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە مێژوییەکانیدا لە هەرسێ قۆناغی مێژویی (ناوەڕاست و نوێ و هاوچەرخ) لەگواستنەوەی دەقە مێژوییەکاندا پشتی بە شیکاریی بەستوە، جگە لە وەسفکردنی ڕوداوە مێژوییەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە و دور لەلایەنگری سیاسی و مەزهەبی و ناوچەگەریتی و نەتەوەیی، لەم بوارەشدا تەنها وەکو مێژونوسێکی ئاسایی کاری نەکردوە، بەڵکو لەهەمان کاتدا ساغکەرەوە و ڕەخنەگر و پێرستساز بوە، ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، یەکەمیان تایبەتە بەژیاننامە و بەرهەمەکانی حیسامەددین نەقشبەندی و دوەمیشیان تێیدا باس لە ڕێبازی نوسینەوەی مێژو لای ناوبراو کراوە بەهێنانەوەی نمونەی کتێب وبەرهەمەکانی.

**کلیلە وشە:** ڕێباز، مێژو، حیسامەددین نەقشبەندی

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper11
**Received:** 15-Aug-2022
**Accepted:** 17-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
shwan.mustafa@univsul.edu.iq
shamalahmedd899@gmail.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

نوسینی مێژو بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، کە هەندێک سەرەتاکەی دەگەڕێننەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بەڵام تا سەدەی نۆزدەیەم نوسین لەناو چوارچێوەیەکی تەقلیدی و نازانستیدا بوە یان دەماودەم و بێ بیرکردنەوە لە هۆکارێتی و چۆنایەتی ڕوداوەکان گێڕدراوەتەوە، هەرچەندە لەهەوڵی پشت ڕاستکردنەوەی نوسینەکانیان بونە و چەندین ڕیوایەتیان بۆ ڕوداوێکی دیاریکراو هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی خۆیان بخەنەڕو، بەڵام دوربونە لە شرۆڤە وهەڵێنجان و سەرچاوەی نوسراو، نمونەشیان زۆرە وەک مێژونوسان: تەبەری (ت٣١٠ە/922م) و مەسعودی (ت٣٤٦ە/٩٥٦م) و ئیبن ئەسیر (ت٦٣٠ ە/1233م) و ئیبن کەسیر (ت٧٧٤ە/ ١٣٧2م)..هتد، بەڵام دواتر بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین خوێندنگە و تیۆری مێژویی جیاواز و بیرکردنەوەی پێشکەوتو، دەبینین چۆنێتی نوسینەوەی مێژو شێواز و هەنگاوی نوێ و جیاوازی بەخۆوەبینی، چیدی لەوڵاتانی پێشکەوتو نوسینەوەی مێژوبێ میتۆدێکی زانستی دیاریکراو نەدەنوسرایەوە، چونکە میتۆد ڕۆڵێکی گرنگی لە پاککردنەوەی مێژو بینی لەخورافەت وشتی هەڵبەستراو.

لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە مێژونوس حیسامەددین نەقشبەندی کردوە، کە لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە تا کۆتایی چارەکی سەرەتای سەدەی بیست و یەکی زایینی، ڕۆڵی گرنگی لە نوسینەوەی مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوە، بەبەکارهێنانی چەندین میتۆدی زانستی و ئەکادیمی بۆ نزیکبونەوە لەڕاستی و دروستی ڕوداو و بابەتە مێژوییەکانی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا.

## ئامانجی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوە خستنەڕوی بەشێکی شاراوەی کارەکانی حیسامەددین نەقشبەندییە، چ وەک نوسین یان وەک ڕۆڵی لە بەئەکادیمیکردنی نوسینەوەی مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەت لەسەردەمی پێش و پاش ئیسلامیش کە پەردەی لەسەر لایەنی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بیناسازی و کولتوری میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵماڵیوە نمونەی میرنشینی حەسنەوی بەرزیکانی (٣٣٠_٤١١ک/2٩٤_١٠20ز) و میرنشینی عەنازی (٣٨١_٥١١ک/٩٩١_١١١٧ز) و میرنیشینی ڕەوادی (280_463ک/٨٩٣_١٠٧٠ز)، بەتایبەت لەڕوانگەی ڕێبازی نوسینەوەی مێژوی کە چۆن و بە چ شێوازێک توانیویەتی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە ئەنجام بدات لە نوسینەوەی مێژوی کورددا کە جیاواز بوە لە مێژونوسانی پێش و پاش خۆی.

تائێستا بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی لەسەر ڕێبازی نوسینەوەی مێژو لای حیسامەددین نەقشبەندی توێژینەوەی سەربەخۆ بڵاونەکراوەتەوە چ وەکو ماستەرنامە یان وەکو تێزی دکتۆراش لەسەری نەنوسراوە، هەڵبەت ئەمەش یەکێکە لەئامانجمان لەنوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها حیسامەددین نوسینەوەی مێژوی لەسەر کورد لەسەردەمی ئیسلام و سەدەکانی ناوەڕاستدا لەناو دەق و سەرچاوە عەرەبی و تورکی و ئینگلیزیی و تەنانەت فارسییەکانیش، بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و بێلایەنی هێنایە دەرەوە و بەوپەڕی سادەیی و

تێگەیشتوانە خستە بەرچاوی خوێنەری کورد، ئەمە جگە لە توانا و لێهاتوی ناوبراو لە داڕشتنی ڕوداوە مێژوییەکانی میرنشینە کوردییەکان لەسەدەکانی ناوەڕاست وسەردەمی ئیسلام بەتایبەت، کە خاوەن سەلیقەیەکی فراوانە لەبواری وردەکاری وپشکنینی قوڵ لە ڕوداوە و بابەتە مێژوییەکاندا.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

بێگومان هەمو توێژینەوەیەکی لەم شێوەیەش، خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک ئاستەنگدا دەبینێتەوە، ئەویش نەمان و ونبونی بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامە و فایلی جۆراوجۆر دەربارەی ژیانی ناوبراو ئەمیش بەهۆی گۆڕانکارییە نەویستەکان کە لەژیانی ناوبراو ڕویداوە، هەروەها جێگیرنەبونی لەشوێنێکی دیاریکراو، هۆکارێکی تریشی ئەوەیە کە بەڕێزیان بەهۆی هەڵکشانی تەمەن و نەخۆشییەوە، بەشێک لەیادەوەرییەکانی بیرنەماون، بۆیە پەنامان بۆ هەمو کەسە نزیکەکانی خوێندکارەکانی خانەوادەکەی بردوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، هەروەها بەهۆی کێشەی سیاسی و هەژمونی سیاسی بەشێک لەبەرهەمەکانی لەناوچون، کەمی دەرکەوتنی ناوبراو لەمیدیا وباس نەکردنی ژیان و مێژوی ژیانی خۆی لە پەرتوک و بەرهەمەکانیدا یەکێکی ترە لەکۆسپەکانی بەردەم توێژینەوەکەمان، جگە لە نائامادەبونی چەندین کەسایەتی کە هاوسەردەمی و هاوپیشەییبون لەدرکاندنی زانیاری دەربارەی ژیانی ناوبراو.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

هەوڵمانداوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و کارەکانی حیسامەددین نەقشبەندی لەبواری نوسینەوەی مێژوی کورددا، ڕێبازی مێژویی شیکاری هەڵێنجاندن پیادەبکەین، بەئاوڕدانەوە لە بەرهەم و نوسین و بڵاوکراوەکانی لەلایەک و کارکردنی لەبواری نوسینەوەی مێژودا، بۆ هەر یەکێک لەکارەکانی نمونەی بەرهەم و کتێبەکانیمان خستوەتە بەر باس ولێکۆڵینەوە و شیکردنەوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە باس لە ژیاننامە و بەرهەم و ڕێبازی نوسینەوەی مێژو لای حیسامەددین عەلی غالب نەقشبەندی دەکا بۆ مێژو، هەڵبەت لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین ڕێبازی زانستی جیاوازەوە توانیوێتی دابڕانێکی مەعریفی مێژویی لەنێوان سەردەمەکەی خۆی و مێژونوسانی پێشتر لەبواری بەزانستیکردنی نوسینەوەی مێژوی کورد دروست بکات، ئەمەش لەبەرهەم و دانراو و کتێبەکانی ناوبراودا ڕەنگدەداتەوە، بەشێوەیەکی گشتی و فرەلق کاری کردوە و بۆ هەر ڕوداو وبابەتێکی مێژویی ڕێبازێکی تایبەتی بەکارهێناوە.

## تەوەری یەکەم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی حیسامەددین نەقشبەندی

### یەکەم: ژیاننامەی

حیسامەدین کوڕی عەلی غالب کوڕی حاج محمد علی حسین نەقشبەندی، لەڕۆژی ١٩٣٩/٧/١ لەناوچەی کەرخی ڕۆژهەڵات لەبەغدا لەدایکبوە، پێشتر خانەوادەکەیان لەمەندەلی بون دواتر چونەتە موسڵ، بۆماوەیەک لەوێ نیشتەجێبون و دواتر لەگەڕەکی کەرخ لەبەغدا درێژەیان بەژیانی ئاسایی خۆیان داوە (البیضاني: 2002، ص٤٣١) حاجی محەمەی باپیری لەبنەڕەتدا دانیشتوی شاری مەندەلی بوە، بازرگانێکی شارەزا بوە و بۆماوەیەکی زۆر بەم کارەوە لەڕێگەی نێوان ناوچەکانی (تەوێڵە و بیارە و مەندەلی) بازرگانی کردوە، کەسێکی ناودار وپارەدار

بوە و لەشارەکەی خۆی‌دا هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی خانەداندا دەکات. (هاوسەر کەریم ئەحمەد: 2019، ل٧).

(عەلی غالب) باوکی، کەسێکی ناوبانگ و حەز بەتێکەڵاوی کۆمەڵایەتی بوە، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی سەنگیندا کردوە بەناوی (مەریەم حەسەن لەشکری) کە دەکاتە دایکی حسامەدین، بەڕێوەبەری (مەرکەزی پۆلیس)ی کەرخ بوە و لە ساڵی ١٩٧2 لەبەغدا بەنەخۆشی مردوە (چاوپێکەوتن: سولاف نەقشبەندی، 2022/1/16).

لەساڵی ١٩٦٨ حوسامەدین هاوسەرگیری لەگەڵ (پەروین میرزا کەریم) دەکا، خاتو پەروین لەبنەماڵەی میرزا کەریمە کە لەمێژودا بەبنەماڵەیەکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر ناسراون و سەر بەفیکری شیوعیەت بون. (چاوپێکەوتن: پەروین میرزا کەریم، 2021/11/2)

حسامەدین لەم هاوسەرگیرییەدا، ببوە خاوەن کوڕێکی تاقانە بەناوی (ئالان١٩٧٠_2004) و سێ کچ بەناوەکانی (سۆلاف ١٩٧2 و شیلان ١٩٧٧ و ڤان ١٩٨2).(چاوپیکەوتن: محسن محمد حسین، 2021/11/4).

سەبارەت بە قۆناغی خویندنی، حسامەدین لەساڵی ١٩٤٥ لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، دەستی داوەتە خوێندن و لەبەری ڕۆژهەڵاتی گەڕەکی (کەرخ) لەبەغدا پۆلی یەکەمی تا چوارەمی سەرەتایی خوێندوە (چاوپێکەوتن: حسامەدین نەقشبەندی،2021/11/2)، دوای کۆچکردنی بۆ هەولێر، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩_١٩٥١ لەخوێندنگەی یەکەم (مدرسە اربیل الاولی) پۆلی پێنجەم و شەشەمی تەواوکردوە کە خوێندن تێیدا بەزمانی عەرەبی بوە. پاشان لەگەڵ خانەوادەکەی ڕویان کردۆتە سلێمانی و قۆناغی ئامادەیی لەشاری ناوبراو تەواوکردوە. (مەهدی محمد قادر: 2019، ل١١)

حیسامەددین لەخوێندندا خاوەن ئامانجێکی گرنگ بوە، لەپێناویدا دورترین شوێنی گرتوەتەبەر، بەمەبەستی تاقی کردنەوەی ئامادەیی، ڕوی کردۆتە ڕانیە، لەشاری کۆیەش تاقیکردنەوەی ئامادەیی ئەنجام داوە و بەسەرکەوتویی دەرچوە. (هاوسەر کەریم ئەحمەد: 2019، ل١٠)

خوێندنی بەکالۆریۆسی لەبەشی مێژو لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨_١٩62 لە بەغدا تەواوکردوە، خۆی حەزی بەم بەشە بوە و خەونی ئەوە بوە لەم ڕێگەیەوە خزمەتی کورد و کوردستان بکات، لەم بەشەشدا خوێندکارێکی سەرکەوتوە بوە (چاوپێکەوتن: عەبدوڵا عەلیاوەیی،2021/11/10)

دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی لەساڵی ١٩62 وەکو مامۆستا لە دواناوەندی (خەوەرنەق) لەنەجەف دەستبەکاربوە، دوای سێ ساڵ بەردەوام بونی وەکو مامۆستا لەم دواناوەندییە ڕوی کردۆتە وڵاتی کوێت لەساڵی ١٩٦٥ و لەوێ بۆ ماوەی خزمەتی خوێندنی کردوە و دواتر لەهەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە بابل و لەشاری (حلە) دەستبەکاربوە. پاشان گوازراوەتەوە بۆ دواناوەندی ئەلعروبە لەبەغدا. (چاوپێکەوتن پەروین میرزا کەریم،2021/11/2)، لەنێوان ساڵانی ١٩٧2_1973 وەک خوێندکاری ماستەر لە بەشی مێژو لەزانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥ گفتوگۆی نامەی ماستەرەکەی ئەنجامدراوە و بەپلەی (زۆرباش) پەسەندکراوە، پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەڕێکەوتی ١٩٧٦/2/١٤ وەکو مامۆستای یاریدەدەر

لەلایەک و هەم وەکو سەرۆک بەشی کوردی لەلایەکی تر لەبەشی خوێندنی کوردی لەزانکۆی سلێمانی دەستبەکاربوە (چاوپێکەوتن: کەیوان ئازاد ئەنوەر، 2021/12/6)

لەڕێکەوتی30ی ئابی ١٩٨٥ لەزانکۆی بەغدا توانی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاست و بەتوێژینەوەیەک بەناونیشانی (أذربیجان فی العصر السلجوقي) بەدەستبهێنێت، پاشان لەماوەی سالآنی ١٩٨٦ _١٩٩٤ وەکو سەرۆکی بەشی مێژو لەزانکۆی سەلاحەدین خزمەتیکردوە (السیرة الوظیفیة لحسام الدین النقشبندي:12/31/ 2016)، لەساڵی ١٩٩٤ بەهۆی گرفتی کارگێڕیی و دۆخی سیاسی و ئابوری وڵات، بڕیاری دا لەگەڵ خانەوادەکەی هەولێر بەرەو وڵاتی لیبیا بەجێبێڵێت. لەوێ بۆماوەی ٦ساڵ لەزانکۆی فاتیح دەستبەکاربو، دواتر لەساڵی 2000 گەڕایەوە زانکۆی سلێمانی. (السیرة الوظیفیة لحسام الدین: 12/31/ 2016) لەماوەی ئەو شەش ساڵەشدا کە لە (لیبیا) بوە، حسامەدین بەدەر لەکاری وانەوتنەوە لەزانکۆدا، سەردانی کتێبخانەی گشتی و ئەرشیفخانەی دەوڵەتی عوسمانی کردوە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەڵگانەی کە تایبەتە بەعەشیرەتی هەمەوەند[1]و بنەماڵەی بەدرخانییەکان و عەبدولڕەزاق بەدرخان[2] و لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ زێدی خۆی، چەندین بەڵگەنامەی لەبارەی هەمەوەندییەکان هێناوەتەوە. (چاوپێکەوتن: شوان عوسمان موستەفا، 2022/11/2)، لەپاش گەڕانەوەی لە لیبیا، ڕودەکاتە بەشی مێژو لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، و لەڕێکەوتی ٢000/١0/١ لەزانکۆی ناوبراو وەکو مامۆستا دەستبەکاردەبێ، لەساڵی 2003_200 دەبێتە سەرۆکی بەشی مێژو لەزانکۆی ناوبراو. (چاوپێکەوتن: شوان عوسمان موستەفا 2022/3/30)

لەساڵی 2009 بەشێوەیەکی فەرمی لێکترازانی لەکاری وانەوتنەوەدا بۆ کراوە و بەئیچگاری دەستبەرداری مامۆستایەتی بوە لەزانکۆدا، چونکە تەمەنی نزیک بوەوە لە هەفتا ساڵ (السیرة الوضیفیة لحسام الدین: ٢٠١٦/١٢/٣١) لەپاش خانەنشینبونی، لەڕوی فیکری و زانستییەوە هەر لەسەر خوێندنەوە و نوسینی بەرهەمی مێژویی و سەردانی کردنی کتێبخانە و ئەرشیفخانەکان بەردەوام بوە، بەدەر لەو بابەت و بەرهەمانەی پێشو، چەندین کتێب و دانراوی گرنگی لەبواری بیلیۆگرافیا وساغکاری و پێداچونەوە و ڕەخنەکاریدا بڵاوکردۆتەوە.(چاوپێکەوتن: عەبدوڵا عەلیاوەیی: ٢٠٢١/١١/١٠)

**دوەم: گرنگترین بەرهەم و دانراوەکانی**

حسامەدین دیارترین پسپۆری مێژوی کورد بوە لەسەردەمی ئیسلامدا (البیضاني: ص2002،٤٣١)، لەماوەی سالآنی نێوان١٩٧٥_2013، بەرهەمە مێژوییەکانی نوسیوەتەوە، دەتوانین لێرەشدا بەپێی نامەو کتێب و گۆڤار پۆلێنی بکەین:

**یەکەم : نامەکانی زانکۆ**

١_ الكرد فی لرستان الصغری (الشمالیة) و شهرزور خلال العصر الوسیط (348_٥٥١ه /9٥9 _1117م) دراسة سیاسیة وحضاریة.

2_ أذربیجان فی العصر السجلوقی 420_621ه /١029_1227م، دراسة في احوالها السیاسیة والاداریة والعسكریة.

**دوەم: کتێب و دانراوەکانی**

١_ أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي و رحلته الى كردستان في الرسالة الثانية خلال السنتين (340 _341ه) لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە.

2_ ما ألف عن تأريخ الكرد و كردستان باللغة العربية والمعربة حتى عام 2007م (ببيلوغرافيا متخصصة و معرفة.)

3_ ما طبع من مخطوطات مصادر التأريخ الاسلامي و المؤلفة بين القرنين الثاني والثاني عشر الهجريين (2_12ه)

4_ مسائل في التراث وكتاب الخراج وصنعة الكتابة لقدامة بن جعفر.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

١_ ديانة الكرد قبل الاسلام والفتح الاسلامي لهم، معتقداتهم الدينية والمذهبية حتى أواخر قرن الخامس الهجري، في أقليمي شهرزور ولورستان، مجلة (هزار ميرد)، السليمانية، عدد (19)، 2002.

2_ خطط اربيل في كتاب: تأريخ اربل والمسمى: نباهة البلد الخامل بمن ورده من الاماثل، مجلة (روشنبيرى نوێ) عدد (118)، أربيل، 1988.

3_ تراث وتأريخ شهرزور في العصور الاسلامية، من كتاب (شهرزور _ السليمانية اللواء والمدينة لعباس العزاوي). قراءة نقدية، مجلة (هزار ميرد)، عدد (17)، السليمانية، 2001.

4_ حكم قراقوش، دراسة في حكم الامير بهاء الدين قراقوش في مصر (564_597 الهجرية/ 1169_1201الميلادية)، ملحق عربي، مجلة جامعة كويه، عدد (22)، السليمانية، 2012.

5_ نقود ذهبية وفضية لأمراء بني حسنويه البرزكانية و بني عناز الشازنجانية الكرديتين، في القرنين الرابع والخامس الهجريين..ملحق عربي، مجلة (هزار ميرد)، السليمانية، 2002

6_ المدن القديمة المندرسة في محافظة السيمانية وتعيين مواقعها، مجلة كاروان، عدد (34)، أربيل، تموز 1985.

7_ شهرزور في محافظة السليمانية، دراسة في جغرافية المنطقة التأريخية والاثارية، مجلة كاروان، عدد (66)، أربيل، تموز،1988.

8_ المئذنة المظفرية في اربيل، مجلة (ژين)، ملحق عربي، عدد (2)، السليمانية، أيلول 2010.

9_ توضيحات وأضافات لمقال أمارة بنى عيار وحكومتهم، مجلة نوروز، العراق، عدد (٩)، ١٩٨٩.

١٠_ في ذكرى الاديب والمؤرخ حسين حزنى موكريانى، مجلة (كاروان) ملحق عربي، عدد (14)، جامعة صلاح الدين أربيل، 1983.

## تەوەری دووەم: ڕێبازی لە نوسینەوەی مێژوودا

بەشێک لە مێژونوسان لە نوسینەوەی مێژودا خاوەن ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زانستین، لەناو کۆبەندێکی زانستی دەستنیشانکراودا ڕوداوە مێژوییەکان شیدەکەنەوە، هەڵبەت ئەم ڕێبازە مێژوییەش بەدرێژایی مێژو بەرهەمی هەوڵ وئەزمونی مێژونوسانی پێشوە کە ڕۆژبەڕۆژ پەرەیانپێداوە و لەلێکۆڵینەوە مێژوییەکانیاندا بەکاریانهێناوە، هەر جۆر و شێوازی ڕێبازەکەیە کە کاری مێژونوسێک لەبواری نوسینەوەی مێژو لەوی دی جیادەکاتەوە (الخالدي: 2018، ص118)، یان دەبێتە خاڵی جیاکاری نێوان مێژونوسان، بۆ نمونە مێژونوسێک

ڕێبازێکی مێژویی بەکاردێنی، ئەوی دیکە ڕێبازی زانستی، یان هەیە ڕێبازی بەراوردکاری ئەوی دیکە ڕێبازی ڕەخنەیی بەکاردێنێت...هتد، بۆیە دەتوانین بڵێین مەنهەج وەک فاکتێکی گرنگ ڕوانگە و وێنای خودی مێژونوسە بۆ مێژو یان ڕوداو و دیاردەکان و ڕوانگەی مێژونوس دیاریدەکات (الغريري، 2013: ٥6).

شارەزایانی مێژو ڕێبازێکی دیاریکراویان بۆ لێکۆڵینەوەکان دەستنیشاننەکردوە، بەڵکو ڕێبازەکان زیاتر بەپێی سروشتی لێکۆڵینەوەکان دیاریدەکرێت، هەندێ لێکۆڵینەوەی مێژویی هەن پشت بەمیتۆدی وەسفی دەبەستن بۆ زانینی کێشەی لێکۆڵینەوە، بەتایبەت ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەستە بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک جیابونەوە و هاوسەرگیری پێش وەخت ( دورکهايم،1989: 44)، هەندێکی دیکەش ڕێبازی ئەزمونگەری پەیڕەودەکا بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان بەتایبەت ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستی بەئەزمونی زانستییە وەکو لێکۆڵینەوەی فیزیایی و کیمیایی، هەندێکیی دیکەش پێویستی بەڕێبازی تێخوێندنەوەیە (عاطف،2006: 27) هەندێ مێژونوس جۆرێک لەڕێبازی نوێ پەیڕەو دەکەن جیاوازە لەڕێبازەکانی پێشتر (الزناتي،١٩٩3: ٤٧)، وەک مێژونوس (المسعودي ت 346ه) کە میتۆدێکی (بابەتی) هێنایە کایەوە، و بابەتی گەلان و پادشا و خەلیفەکان ودیلەکان ببوە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکانی و بەشێوەیەکی بابەتی ڕوداوە مێژوییەکانی شیدەکردەوە.(العزاوي،1982: 47).

حیسامەددین. توانی دابڕانێک لەبواری نوسینەوەی مێژوی کورد بەتایبەت لە بواری ئیسلام و میرنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست بکات، بەوەی کە توانی مێژوی کورد لە قاوغی نوسینەوەی گێڕانەوە و دەماودەم دەربهێنێ و بەرگێکی ئەکادیمی و میتۆدگەرایی پێدا داپۆشێت (چاوپێکەوتن: د.قادر محمد حسن،١٨_12_2021). حیسامەددین خاوەن ڕێبازگەلێکی فرەجەمسەرە و هەم لەڕوی قۆناغە مێژوییەکانەوە و هەم لەڕوی بابەتییەوە ڕوداو و دیاردە مێژوییەکانی شیکردۆتەوە، لەمەشدا هەوڵ و کۆششی زانستی بۆ داوە، لەپێناو دەرخستن یان نزیکبونەوە لە ڕاستییە مێژوییەکان (چاوپێکەوتن: د.شوان عوسمان موستەفا،٣٠/2021/3)، هەروەها بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی پەنای بردۆتەبەر بەکارهێنانی میتۆدێکی تایبەت و بەوپەڕی سەلیقەیی و دیقەتەوە بەکاریهێناوە بەتایبەت ڕێبازی ڕەخنەی مێژویی وشیکار (چاوپێکەوتن: د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، ٦/2021/12)، هەڵبەت ناوبراو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی بێ بەکارهێنانی میتۆدی زانستی بڵاونەکردۆتەوە، چونکە بەلای ئەوەوە میتۆد بریتییە لە پەیڕەوکردنی لایەنی ئەکادیمی نوسین و لەڕێگەیەوە مێژونوس دەتوانێ ڕوداوە مێژوییەکان لەناو کۆبەند و چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا کۆبکاتەوە (چاوپێکەوتن: عەبدوڵا عەلیاوەیی،2021/11/10)، ئەمەش کاری مێژونوسێکی بەئەزمونی وەک حیسامەددینە کەلێزانانە توانیوێتی ئەرکەکانی وەک مێژونوسێک بەجێبهێنێت و تەنها بە قۆناغی ڕەخنەگرتن و پێداچونەوە و بەراوردکارییەوە نەوەستاوە، بەڵکو توانیوێتی بگاتە پێگەی مێژونوسی داوەری، کە لەم پێگەیەشدا وەکو داوەرێک هەڵسەنگاندنی بۆ پرسە مێژوییەکان کردوە. (چاوپێکەوتن: د.مهدی محمد قادر،٤/2022/4)

حیسامەددین، بۆ خستنەڕوی ڕاستییە مێژوییەکان تەنها پشتی بەیەک کەرەستەی مێژویی دیاریکراو نەبەستوە، بەڵکو زۆربەی کەرەستەکانی بۆ سودوەرگرتن لەزانیاری و سەرچاوەی مێژویی بەکارهێناوە لەناویاندا شیعر و چیرۆک ودەستنوس و پاشماوەی شوێنەوارە مێژوییەکان وەکو دراو پەیکەر و پرد و تاق و چەندین کەرەستەی

بیناسازی و نەخشەسازی تر (چاوپێکەوتن: د.مهدي محمد قادر،2021/4/4)، بۆ نمونە شیعر لەدیدی حیسامەددین نەقشبەندیدا سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ گێڕانەوە و باسکردنی بابەت و ڕوداوە مێژوییەکان یان بەلایەوە بریتی بوە لەزانست و هەواڵ و گێڕانەوەی ماوەی حوکمڕانی پادشاکان (الفياض، ١٩72 :٧٠ ; النقشبندي،٢٠١٥ :٥٤) بۆنمونە لەناکۆکی نێوان (میر بەدری حەسنەوی) و (هیلالی)[3] کوڕەکەی دا کە دواتر بەدەستێوەردانی دەوڵەتی بوەیهی کۆتاییدێت (کامەران عەزیز: 2012، ل٩٨: زرار صديق: 2013، ل١١٨)، حیسامەددین پەنای بردۆتەبەر بەکارهێنانی شیعر وەکو سەرچاوەیەکی مێژویی کەتێیدا شاعیر (مهیارکوڕی مەرزویە ئەبو حەسەن دیلمی) وەسفی سەرکەوتنی (بهاءولدەولەی بوەیهی) کردوە بەسەر هیلال و ئازادیکردنی قەڵای شاپور خواست (النقشبندي: 2015،: 69، 191)، هەرچەندە ناوبراو شیعری لەلێکۆڵینەوە مێژوییەکانیدا وەک سەرچاوەیەک بەکارهێناوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەسەرچاوەیەکی زانستی نەزانیوە، پێیوابوە کە نابێت سەد دەر سەد پشتی پێببەستین، چونکە گومانی نازانستی بونی لێدەکرێ و زیاتر هەڵقولاوی سوز ودەمارگیرییە (النقشبندي،٢٠١٥ :2٥)، دەربارەی دراویش دەبینین بۆ دەسکەوتنی زانیاری دەربارەی سیستمی دارایی میرنشینی حەسنەوی بەرزیکانی. نەقشبەندی پەنای بردۆتە بەر لێکۆڵینەوە لەجۆر و شێوازی و نوسینی سەر دراوەکان وەکو دراوی دیناری ئاڵتونی، یان لەڕێگەی ئەم دراوەوە پەیوندی نێوان میرەکانی حەسنەوی لەگەڵ بوەیهیەکان و خەلافەتی عەباسیدا ڕونکراوەتەوە (النقشبندي: ٢٠١٥، 310).

حیسامەددین لە نوسینەوەی مێژودا پشتی بە تەنها ڕێبازێک نەبەستوە، بەڵکو میتۆدگەلێکی جیاواز و نوێی لەنوسینەوەی مێژودا بەکارهێناوە، هەندێ جاریش لەچوارچێوەی یاسای زانستی میتۆد دەرچوە و ڕاوبۆچونی خۆی ئازادانە دەربڕیوە (الخالدي،2018 :١12; چاوپێکەوتن: د.ئیسماعیل شکر:2021/12/6)، بۆنمونە یەکەم جار سەلماندویەتی کە کتێبی (ئەترۆپارتین) لەبنەڕەتدا هی حسێن حوزنی موکریانی نەبوە بەڵکو لەلایەن ناوبراوەوە وەریگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی (چاوپێکەوتن: عەبدوڵا عەلیاوەیی، 2021/11/10 )، جگە لە میتۆدی بەڵگاندن و میتۆدی ڕەخنەیی و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی هەڵهێنجانییە کە بەزۆری لەناونوسین و لێکۆڵینەوە مێژوییەکانیدا دەربارەی کورد و ئیسلام و میرنشینە کوردییەکاندا دیارن، لەهەمان کاتدا و زیاتر لەچوارچێوەیەکی گشتیدا حیسامەددین میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەوکردوە، وەسفی ڕوداو و دیاردە و بابەتەکانی کردوە و دواتر بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەورد و چڕی شیکردۆتەوە. (چاوپێکەوتن: د.عەطا عەبدولڕەحمان،٥/2022/3). بۆنمونە بەوردی لێکۆڵینەوەیی لە شوێنە دیارەکانی هەولێر کردوە بەپشت بەستن بەکتێبەکەی (تأريخ أربيل) ئیبن المستوفیدا، بەسودوەرگرتن لەسەرچاوە مێژوییە کۆنەکانی وەکو تەبەری (ت٣١٠ه) و ئیبن خەردازەبە (ت280ه) و قدامەبن جعفر (٣20 ک)، ئەوەی خستوەتەڕو کە هەولێر تا نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی بەشارێکی نەناسراوە ماوەتەوە (حیسامەددین نەقشبەندی: ١٩٩٨، ل٤٤).

## یەکەم: ڕێبازی بەڵگاندن

بەڵگەنامە، یەکێکە لەکارە سەرەکییەکانی نوسینەوەی مێژو و پێویستە مێژونوس بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر بابەت و ڕوداوێکی مێژویی، بەمەبەستی دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی مێژو و فرمانی کارگێڕی و پەیماننامە

و نامەگۆڕینەوەی سیاسی و پرسی ئابوری و بازرگانی و کاروباری جەنگ پشت بە بەڵگەنامە و دەستنوسە مێژووییەکان ببەستێت (النصاري،1982 :93; عبد الحميد،2008: 37)، هەروەها وێنە و پەیکەر و هەڵکۆڵین و مۆر و دراو و شوێنەواری مرۆڤیش بەشێکی گرنگن لەبەڵگەنامە، وەکو زانستێک هاوکاری مێژونوس دەکەن لەدەستنیشانکردنی زەمەنی کەرەستە مادی و مەعنەوییەکان و ڕەخنەگرتنیان (قاسم يزبک،١٩٩٠ :89،90،92). حیسامەددین لە بەشێک لەنوسینەکانیدا بۆ ڕاڤەکردنی ڕوداوە مێژووییەکان پشتی بەمیتۆدی بەڵگاندن بەستوە، بۆنمونە لەساڵی 1997ز کاتێ سەرقاڵی وانەوتنەوە بوە لە (زانکۆی فاتیح)، چەندین بەڵگەنامەی گرنگی لەبارەی کوردە هەمەوەندە نەفیکراوەکانی تەرابلوسی لە خانەی دەستنوسە مێژوییە پارێزراوەکانی تەرابلوس دا لەفایلێکی تایبەت بە نەفیکراوە کوردەکان بەدەستکەوتوە، و لەکاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە، تائێستاش پاراستویەتی، لەم لێکۆڵینەوەشیدا بەناوی (عشيرة الهموند ونفي قسم منها الى بلاد الاناضول وليبيا في أواخر الثمانينات من القرن التاسع العشر) (النقشبندي،2011: 252) بەهێنانەوەی چەندین بەڵگەنامە نەفیکردنی هەمەوەندییەکانی بۆ لیبیا و ئەنازۆل ڕونکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دۆکیۆمێنتاری لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو عەشیرەتە لەمێژوی نوێی کورددا نوسیوە، کە ماوەی دە ساڵ لە مەنفادا بون 1888_1896ز، دەربارەی گوێڕایەڵی ئەم عەشیرەتە بۆ میرەکانیان و ڕەتکردنەوەی پێدانی باج وسەرانە بە عوسمانییەکان[٤]، حیسامەددین پشتی بەدەستنوسێکی (حيدر عزيز خسرەو اغا)[٥]بەستوە (النقشبندي،2011 :67).

لەبەڵگەنامەیەکی دیکەی مێژوییدا کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 25ی نیسانی 1889ز، حیسامەددین ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێک لەگەنجە هەمەوەندییە نەفیکراوەکانی لیبیا دوای ئەوەی پرۆژەی بەکارهێنانیان وەکو کاری کشتوکاڵکردن ڕەتکردۆتەوە، خراونەتە ناو هێزی سەربازی نیزامیی و دەریاییەوە کە ئەو کات پاپۆڕە جەنگییەکانی عوسمانییەکان لەبەندەرەکانی لیبیا پێویستیان پێبوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا حیسامەددین ڕێبازی (بەڵگاندن)ی بەکارهێناوە، باس لە هۆکار نەفیکردنی کوردە هەمەوەندییەکان کردوە بۆ لیبیا و دواتر گەڕانەوەی بەشێکیان بۆنیشتمان لە ساڵی 1896ز، بەخستەڕوی چەندین بەڵگەنامە، جگە لەبەڵگەنامە مێژوییە و بەڵگەنامە عوسمانیی مێژویی لەتەرابلسی ڕۆژئاوا بەناونیشانی (کوردە نەفیکراوەکانی هەمەوەند لەتەرابلس لەساڵی 1888ز) (النقشبندي،2011: 251).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوسمانی کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، حسامەدین نەقشبەندی لە وتارێکیدا بەناوی (عەبدولرەزاق بەدرخان 1864_1918 و دادگایکردنی لەتەرابلوسی ڕۆژئاوا) (النقشبندي،2010: ه24)، باس لەڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری بنەماڵەی بەدرخانییەکان و بەتایبەت عەبدولرەزاق بەدرخان و ژیان و لەدایکبون و ڕۆڵی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەکات، لەبارەی دادگایکردنی (عەبدولرەزاق بەدرخان) بەتۆمەتی بەشداریکردن لە کوشتنی (ڕەضوان پاشا) لە 23ی ئازاری 1906 دواوە، نەقشبەندی لەوێ توانیوێتی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی بەدەستبخات، لەبەڵگەنامەکەدا چەندین تۆمەت ڕوبەڕوی عەبدولرەزاق بەدرخان کرابوەوە، لەکۆتایی دادگایکردنەکەشدا عەبدولڕەزاق فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، پاش (١٧) مانگ لەقەفەسی زیندان لەژێر زەمینێکدا، ئازادکرا و لەپاش دەرچونی

لێبوردنی گشتی لەساڵی 1908 گەڕێنرانەوە بۆ ئەستەنبول، تا لەساڵی 1918 لەسێدارە درا (النقشبندي،2010 : 248_ 250)، و پێمانوایە ئەگەر حیسامەددین نەقشبەندی زمانێکی زیندوی ئەوروپی بزانیایە بێگومان بەرهەمی زێتری دەبو، چونکە سەرچاوەی زیاتری دەکەوتە بەردەست بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناسان بەتایبەتتر بۆ ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوەی زۆرێک لەبۆچونە هەڵەکان.

## دوەم: میتۆدی ڕەخنەیی مێژویی:

یەکێک لە بنەماکانی میتۆدی نوسینەوەی مێژو بریتییە لە ڕەخنەی مێژویی، ڕەخنەش لەبەڵگەنامە و هەمو پاشماوە و شوێنەوارەکانی مێژو یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی بەدیهێنانی لێکۆڵینەوەی مێژویی (خليل أبراهيم،1989: 148)، پاش ئەوەی مێژونوس سەرچاوەکان کۆدەکاتەوە، بەچەندین شێواز پوختەی دەکات و دواتر ڕەخنەی لێدەگرێ، خودی ڕەخنەش بریتییە لەچاوخشاندنەوە بە هەواڵ و دەق (الفياض،1972 :33)، بەڵام ڕەخنەی مێژویی، کارکردنە لەبواری جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەکانی بەڵگەنامە و دەستنوسە مێژوییەکان بەپشت بەستن بەڕێبازی ڕەخنەیی زانستی (الطاهر، 1970: 104).

نەقشبەندی لەپرۆسەی ڕەخنەکاری مێژوییدا وردەکار وجدی بوە، وەکو مێژونوسێک بەشێوەیەکی ورد مامەڵەی لەگەڵ کات و شوێن و کەرەستەکانی نوسینی دەقە مێژوییەکاندا کردوە (الخزرجي،2012 :13)، بێگومان ڕەخنەی مێژوییش دو جۆرە: ڕەخنەی دەرەکی کە هەوڵی خستنەڕوی کات و ئاشکراکردنی نوسەری دەقەکە دەدا (البدوي،1981 :51) ڕەخنەی ناوەکیش تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەناواخنی دەقەکە بۆ تێگەیشتن لەمانا ودەلالەتەکانی ناوەوەیی و زانینی هۆکاری نوسینی دەقەکە و خستنەڕوی مەبەستی نوسینی دەقەکە و جیاکردنەوەی هەڵە و ڕاستییەکانی (زريق ۱۹٥۹: ۷۱).

حیسامەددین تەنها لە دیوی دەرەوەی دەقە مێژوییەکانی نەڕوانیوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەناواخنی دەقە کردوە و ڕەخنەی لێگرتون و توانایەکی ڕادەبەدەری هەبوە لە پشکنین و بەراوردکاری و تێخوێندنەوەیی ڕوداوە مێژوییەکاندا، بۆنمونە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بۆ کتێبی (شهرزور _ السليمانية اللواء والمدينة)ی مێژونوس عەباس العزاوي[6] ئەنجام داوە (النقشبندي،2001: 148)، کە تێیدا پشتی بە میتۆدی ڕەخنەی مێژویی بەستوە وشیکاری بۆ ئەو کتێبە کردوە کە لەلایەن (محەمەد عەلی قەرەداغی)یەوە پێداچونەوەی بۆ کراوە و پێشەکی بۆ نوسراوە و لەچاپخانەی السالمی لەبەغدا چاپکراوە.

لەبابەتێکی دیکەشدا، نەقشبەندی چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانەیی مێژویی بۆ نوسینەکانی مێژونوس "محەمەد ئەمین زەکی"[٧] لەبارەی مێژوی کورد و کوردستانەوە لەسەردەمی ئیسلامیدا خستوەتەڕو.(النقشبندي، 2009: 295)، بۆنمونە محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ ((دینی زەردەشتی لەئێران و میدیادا پەیدابو، لەدوای ئەمە کە لەطرف یەکی لەحوکمدارانی شرقی ئێران "گشتاسپ"[٨]وە قبوڵکرا، عادتا بو بەدینێکی رسمی، قومی کوردیش لەپاش بەینێک ئەم دینەیان قبوڵ کرد)) (زکي 1961: 121) نەقشبەندی ئەم بۆچونەی محەمەد ئەمین زەکی پەسەند ناکات، چونکە پێیوایە کە "گشتاسپ" خۆی هاوچەرخی زەردەشت بوە و لەسەردەمی ئەودا ئاینی زەردەشتی لەڕۆژهەڵاتی ئێران پەیدابو (النقشبندي،2009: 298) مێژونوس الشهرستانيش پێیوایە ((باپیری زەردەشت لەبنەڕەتدا دانیشتوی هەرێمی ئازەبیجانن و دواتر بە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا ئاینەکەی بڵاوبوەنەتەوە

لەسەردەمی گشتاسپ کوڕی لهراست)) (الشهرستاني،1986: 41/2) زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زەردەشت لەشاری ورمێ[9] لەدایکبوە (أبن خردازبة، ١٨٨٩: ١١٩) بەڵام دواتر بەهۆی ململانێ و تەنگپێهەڵچنینی لەلایەن پیاوانی ئایینەکانی ترەوە ئەو دەڤەرەی بەرەو خۆرهەڵاتی ئێران بەجێهێشتوە (جفری بارندر،١٩٩٦: ١٣٦)

دەربارەی بڵاوبونەوەی ئایینی (مانی[10]) و (مەزدەک[11]) و پەیڕەوکردنیان لەلایەن کوردەوە، محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: ((ظاهر وایە کە مذهبی مانی ومەزدک تأثیری نەکردۆتە سەر کوردستان و خەڵکی ئەم وڵاتە، تا ظهوری اسلامیت لەسر اینی زردشتی بون (زکي،١٩٦١ :123)، بەڵام حسامەدین نەقشبەندی لەوەڵامیدا دەڵێ: ئەم بۆچونەی محەمەد ئەمین زەکی پێچەوانەی ئەوەیە کە ("أبن الندیم 383ک/993 ز" و "الشهرستانی 548ک/ 1153) باسیان کردوە لای "أبن الندیم" وا هاتوە کە ئاینی مەزدەکی لەوڵاتی چیاکان و شاری دینەوەر[12] بڵاوبوە، شاری دینەوەر پێش فەتحی ئیسلامی و لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا زۆربەی دانیشتوانی کوردبوە (أبن الندیم،2013 :٣٣٤; النقشبندي،2009: 299)، دەربارەی یەکەمین پەیوەندی نێوان کورد وئیسلامیش، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: ((قەومی کورد وەکو مؤرخی معتبری عەرەب دەڵێن: لەساڵی شانزەیی هجرت لەدوای فەتحی حلوان وتکریت دا، لەگەڵ ئوردوی اسلام دا تماسیان کرد)) (زكي،1961: 122) بەڵام حسامەدین ڕەخنەی لێگرتوە و دەڵێ: (ڕاستە یەکەم پەیوەندی کورد بەسوپای ئیسلامەوە ساڵی شانزەی کۆچی بوە، بەڵام پاش شەڕی (جەلەولاء) بوە، نەک پاش فەتحی حلوان و تکریت، چونکە ئەگەر بڕوانین ڕێگەی ڕۆیشتنی سوپای ئیسلام، دەبینین پاش فەتحی جەلەولاء، ڕوی کردۆتە (خانەقین)، ئەویش ساڵی ١٧ک بە فەرماندەیی (القعقاع بن عمرو التمیمی) فەتحکراوە (النقشبندي،2009: 300) بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان فەتحی حلوان و تکریت، لەلایەن دو هێزی جیاوازەوە لەیەک ساڵ دا (١٦ک) ئەنجام دراوە (شوان عوسمان مستەفا،2002: 124،126)، دەربارەی فەتحی شارەزوریش، حسامەدین ڕای وایە کە دەوروبەری ساڵی 20ک بوە (النقشبندي،2009: 123) نەک ساڵی 22ی ک کە محەمەد ئەمین زەکی بۆی چوە (زکی،1962: ١20).

دوای خستنەڕویی چەندین بەڵگە و بەپشت بەستن بەبۆچونەکانی محەمەد ئەمین زەکی، حیسامەددین پێیوایە کە ((چەندین بۆچونی جیاجیا هەن دەربارەی ڕەچەڵەکی ئەبوموسلیم[13]، بەڵام لەهەمویان پەسەندتر ئەوەیە کە کوردێکی ڕەسەنە)) (النقشبندي،2009: 303)، کارل بروکلمان[14] کە ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییە لەکتێبەکەیدا (تأریخ الشعوب الاسلامیة) بە فارسی لەقەڵەم دەدا (بروکلمان،1973: 166) بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوە دەربارەی ڕەچەڵەکی ئەبو مسلم خوراسانی لەبەردەستدا نییە تەنها تاکە بەڵگەیەکی شیعریی هەیە کە لەلایەن ئەبو دەلامە (١٠٠_١٦٠ک) وتراوەتەوە کەیەکێک بوە لەپیاوانی خەلیفەی عەبباسی (ئەبو جەعفەر مەنصور١٣٦ _ ١٥٨ک) (أبن الاثیر: ١٩٦٦،ص٨٧)، لەبارەی بڵاوبونەوەی ئاینی (مەزدەکی)یشەوە، نەقشبەندی پێیوایە کە: محەمەد ئەمین زەکی کەوتوەتە هەڵەیەکی مێژووییەوە کاتێ کە دەڵێ: مەزهەبی مەزدەکی کاریگەری لەسەر خەڵکی کوردستان بەجێنەهێشتوە (زکي: ل287) بەپشت بەستن بەسەرچاوەکانی ئیبن نەدیم و شەهرستانی، نەقشبەندی پێیوایە کە مەزهەبی مەزدەکیەت لەناوچەکانی هەرێمی چیا و بەتایبەت شەهرەزور بڵاوبوەوتەوە (النقشبندی: 2009 ،١١٠)، لەنامەی ماستەرەکەشیدا (الكرد في لورستان الصغری و شهرزور...)، حیسامەددین ڕەخنەی لە

مێژونوس (القزويني 682ک /1283ز) گرتوه، لەوەدا کە کەوتوەتە وەهمێکی مێژوییەوە کاتێک لەکتێبەکەی دا (اثار البلاد وأخبار العباد) لەباسی ناوچەی قرمیسیندا دەڵێ: قرمیسین نزیک کرمانشایە و شارۆچکەیەکە لەنێوان هەمەدان و حولوان (القزويني 1960، 133) لێرەدا حیسامەددین ڕەخنەی ئەوەی لێگرتوە کە هەم قرمیسین و هەم کرمانشاە لەبنەڕەتدا ناوی یەک ناوچەن لەڕوی دەربڕینەوە جیاوازە، ئەوەی هەیە تەنها ناوەکەیە تەعریبکراوە (النقشبندي،٢٠٠٩: 46)، بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو باسی مێژوی هاتنەکایەوە ناوی (قرمیسین)ی کردوە لای عەرەبە موسڵمانەکان کە چۆن کرمانشاە بوەتە قرمیسین (النقشبندي،2009: 46)، ناوی کرمانشاە بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان بەهەشت شێوازی جیاواز هاتوە و هەندێک دەڵێن لەناوی (بەهرامی کوڕی شاپور)[١٥]، کراوە کە نازناوی (کلک کرمان) بوە بەمانای جێنشگای شاهانە دێت. (الاصفهاني، 1961 :48; موستەفا،2002 :48)، لەوتارێکی دیکەیدا، حیسامەددین ڕەخنەی لە شوێنەوارناسی کورد (عەبدولرەقیب یوسف) گرتوە لەوەدا کە شوێنی شاری کۆنی شارەزور، پاشماوەی خورماڵی ئێستایە، نەک (بێستان سور)، لەم بابەتەدا لەدیدی حیسامەددین، عەبدولرەقیب یوسف ئاوڕی لە بۆچونی هیچ شوێنەوارناس و مێژونوس و گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکە نەداوەتەوە، بۆیە کەوتوەتە ئەو هەڵە مێژوییەوە کە ناوچەی (قزئەلعەسی) بەپایتەختی هەرێمی شارەزور لەقەڵەم داوە، لەکاتێکدا ئەم ناوچەیە قەڵایەکی ئەوەندە گەورە نییە تابێتە پایتەختی هەرێمی ناوبراو (حیسامەددین نەقشبەندی: 2016، .2٣٣)، سەرەڕایی توانایی نەقشبەندی لەم بوارەی میتۆد و کارە مێژوییەکانیدا، ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێ کە بەراورد بەتواناکانی، نوسین و لێکۆڵینەوەی کەمە، زیاتر دەبینین خەریکی کاری وانەوتنەوەی و کاروباری کارگێڕی زانکۆوە سەرقاڵ بوە.

### سێیەم: میتۆدی هەڵهێنجان

ڕێبازی هەڵهێنجان پرۆسەیەکی عەقڵییە و پشت بەو وتەیە دەبەستێ کە عەقڵ ناتوانێ پەی بەزانیی شتەکان بەرێ تەنها لەڕێگەی مەعریفەیەکی پێشو وەنەبێت، واتا دەرهێنانی شتێک لەشتێکی دی (ئەکادیمی، 2018: ٤) لەڕوی ماناوە وێنایەکی تەواو جیاوازە لەمیتۆدەکانی تر، هەڵهێنجان لەدو توی تۆمارە مێژوییەکاندا بەهەمو ئەو شتانە دەوترێت کە مرۆڤ لەناواخنی نهێنی و تەمومژاوی زانستدا دەریدەهێنێ (بحوث، الذنبيات،2009: ١٤٨)، ئەمەش پێویستی بەکۆمەڵێک کەرەستەی مەعنەوی و ماددی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناواخن ی ڕوداوەکان و گەیشتن بەشتە شاراوەکان (المسعودي، 2002: 10)، هەڵهێنجان واتا تێگەیشتن لەناواخنی دەق و دانانی دەق وەک خۆی و هەڵکۆڵینی لەناو سیاق (کۆبەند)ی مێژوییدا یان چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق لە کات وشوێنی خۆیدا نەک بەپێی ئەو سەردەمەی کە مێژونوس تێیدا دەژی (چاوپێکەوتن: د.شوان عوسمان موستەفا: ٣٠ / 3 / 2022)، حیسامەددین بۆ دیراسەتکردن و توێژینەوە مێژوییەکان ئەم جۆرە میتۆدەی بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا وردەکار و بەسەلیقە بوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ دەق بەپشت بەستن بەسەرچاوەی ڕەسەن لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە مامەڵەیەکی عەقڵی و زیهنی لەگەڵ دەقە مێژوییەکاندا کردوە.

لەدیدی نەقشبەندیدا، مێژونوسی سەرکەوتو ئەوەیە کەلەیەک دیوەوە تەماشای ڕوداوەکان ناکات، بۆیە میتۆدی هەڵهێنجان سەرچاوەی بیر و ئەندێشەی لێکۆڵەری مێژوییە و دورە لە واقیعی مەبەستدارەوە، وردبینی کەرەستەیەکی پێویست بوە لەپیشەکەیدا وەک چۆن ئەندازیارێک بۆ دروستکردنی باڵەخانەیەکی جوان پێویستی

بە کۆنکریت و کەچ ومادەدەی گرنگ هەیە، بەهەمان شێوە ئەمیش وەک مێژونوسێک پێویستی بە وردبینی هەیە بۆ نوسینەوەی لیکۆڵینەوەی مێژو(ادوارد کار،2018: 11).

## چوارەم: میتۆدی بەراوردکاری

میتۆدی بەراوردکاری یەکێکە لەمیتۆدە گرنگەکان بۆ شیکردنەوەی دیاردە و ڕوداوە مێژوییەکان، هەڵدەستێ بە ڕونکردنەوە و پۆلێنکردنی هۆکارەکانی دەرکەوتنی دیاردەکان و گەشەکردنیان (علبي، 2006: 131)، یاخود میتۆدێکی لێکۆڵینەوەییە بۆ بەراوردکردنی نێوان کۆمەڵە مەعریفەیەک و هەڵبژاردنی دروسترین زانیاری و بۆچونی مێژونوسان، بەکارهێنانی ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان (أحمد زكي، 1993: 131; فضل الله، ١٩٩٨: ٦٤)، بەشێک لە مێژونوسان مێژوی بەکارهێنانی ئەم میتۆدە بۆیەکەم جار دەگەڕێننەوە بۆ فیکری سیاسی یۆنانی، ئەرستۆ زۆرترین جار ئەم میتۆدەی لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیی و فەلسەفی و سیاسییەکانیدا بەکارهێناوە، لەناو عەرەبە موسڵمانەکانیشدا نمونەی ئیبن خەلدون (ت ٨٠٨ھ/ ١٤٠٦م) لەلێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەکاریان هێناوە.(فضل الله،1998: 65)

حیسامەددین لەنوسینەوەی مێژوی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەتایبەت لەنامەی ماستەر وتێزی دکتۆراکەشی دا، پشتی بەم جۆرە ڕێبازە بەستوە و لەچەندین باس و لێکۆڵینەوەی مێژویی دا بەراوردکاری لەنێوان بۆچونەکاندا کردوە، ئەو ڕایەی پەسەند کردوە کە تائەندازەیەک لەوانی تر زیاتر لەڕاستییە مێژوییەکانەوە نزیکترە، بۆ نمونە لە تێزی دکتۆراکەیدا (أذربيجان في العصر السلجوقي) کاتێ باسی بومەلەرزەی ناوچەی (تەبریز)ی کردوە لەئێران چەندین بۆچونی هێناوەتەوە لەبارەی ساڵ و شوێن و قوربانیانی بومەلەرزەکە، دوای دەستنیشانکردنی خاڵی جیاوازی ولێکچون یان لایەنی ئەرێنی ونەرێنی بۆچونەکان، بۆچونی (ناصر خسرەوی)[١٦] پەسەندکردوە کە پاش بومەلەرزەکە بەچوار ساڵ واتە لەساڵی ٤٣٨ک سەردانی تەبریزی کردوە (النقشبندي،2010: ١٤٣) یان لەبارەی مێژوی دروستبونی میرنشینی ڕەوادی هەزبانی (463_280 ک/ ٨٩٣_١٠٧٠ز) و ناو و ساڵی مردنی میر (ئەبی هیجاء الروادی)[١٧] بەراوردی لەنێوان بۆچونەکاندا کردوە و پەسەندترین بۆچونی خستوەتەڕو، لە لێکۆڵینەوەکانیشیدا بەپێی ڕیزبەندی ساڵ ڕاڤەی مێژویی و جوگرافی بۆ ڕوداو و دیاردە و بەسەرهاتە مێژوییەکان کردوە (النقشبندي،2010 :١١٦،١١٠).

## پێنجەم: میتۆدی وەسفی شیکاری

ڕێبازی وەسفی ڕێبازێکی زانستییە کە تێیدا لێکۆڵەر لەڕوی چییەتی و چۆنایەتییەوە وەسفی دیاردەیەکی مێژویی دەکات، دواتر هەندێ پرسیاری گرنگ دەوروژێنێت، و هەڵدەستێ بە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامەکان (المحمودي،2015: ص48،46)، شارەزایان بەسەرۆکی میتۆدەکانی ناوزەددەکەن، بەحوکمی ئەوەی دەتوانێ بێرکابەر بەسەر کۆی پۆلێنکاریی لێکۆڵینەوە مێژوییەکاندا زاڵبێت (التاجر،2010: ٣) بەپشت بەستن بەم میتۆدە، حیسامەددین پرس و بابەتە مێژوییەکانی وەسفکردوە و دواتر شیکردونەتەوە (چاوپێکەوتن: د.عەتا عبد الرحمن :2022/3/٥; د.ئاراس فەریق زەینەڵ: 2022/٦/٥)

دەربارەی مێژوی دەرکەوتنی ناوی شوێن و گوند وشارەکانیشدا، حیسامەددین زۆر بەورد و قوڵی ڕۆچوەتە ناو مێژویی ناوەکانەوە، بۆچون و ڕای جوگرافیناسان و مێژونوسە بیانی و موسڵمانەکان و ڕۆژهەڵاتناسانی وەرگرتوە، بۆچونی هەمو لایەنەکانی وەسفکردوە و پاشان شیکردونەتەوە، واتە هەمو بۆچونەکانی خستوەتەڕو، پاشان دروسترین بۆچونی خستوەتە بەرچاوی خوێنەر.

بۆنمونە لە مێژوی دەرکەوتنی ناوی (کرمنشاە) گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی ساسانی (226_1٥6ز) کە گوایە ناوی ئەم شارە لە (کرمن شاە) هاتوە بەمانای پادشای کرمان (النقشبندي، 2011 :45) یان هەندێ لەسەرچاوە مێژوییەکان پێیانوایە کە لەلایەن قوباد کوڕی فەیروزەوە دروستکراوە وبە (کرمان شاهان) ناسراوە و دواتر کورت بوەتەوە بۆ (کرمانشاهان) پاشان بۆچونی مێژونوسە بلدانییەکانی موسڵمانانی خستوەتەڕو، کە چۆن بەعەرەبی پێیانوتوە (قرمیسین)، حیسامەددین بەشێوەیەکی زانستی وەسفی ناوەکەی کردوە و ئەوەشی شیکردۆتەوە کە چۆن ئەم ناوە لای مێژونوسە عەرەبەکان بوەتە (قرمیسین) (النقشبندي،2011: 46)، لەکاتێکدا لای مێژونوسە ڕەسەنەکان نمونە وەک (حمزة الاصفهانی 260ک) پێیوایە کە ناوی کرمنشاە دەگەڕێتەوە سەر پاشای کرمان کە مەبەست لێی بهرامی کوڕی شاپورە (الاصفهاني: 1961، ص48)، هەروەها حیسامەددین پێیوایە کە (القزوینی ت682ه) کەوتوەتە هەڵەیەکی مێژوییەوە لەوەدا کە وتویەتی: (قرمیسین نزیک کرمانشایە) لەکاتێکدا ئەو دو ناوە ناوی یەک ناوچەن و تەعریبکراون (النقشبندي: 201٥، ٤٦).

## ساغکردنەوە (التحقیق)

لەبواری لێوردبونەوە و ساغکاری و پشکنینی مێژوییدا، حیسامەددین کاری گرنگی ئەنجام داوە و میتۆدێکی تایبەتی بۆ داڕشتوە، بێگومان هەمو مێژونوسێک ناتوانێ هەستێ بەکاری لێوردبونەوە و پشکنین، چونکە ئەم بوارە کار و سیفەتی مێژونوسی بەتوانایە و پاشخانێکی دەوڵەمەندی پێویستە لە زانستی زمان و بەراوردکاری کولتورەکاندا ، بۆنمونە دەق گەلێک هەن کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەهەزار ساڵ پێش ئێستا، دەکرێ ساغکەرەوە بەشێوەیەکی ورد ئەو دەقە بخوێنێتەوە و ڕەچاوی دۆخی جوگرافی و مێژویی و هۆکاری پشت نوسینی ئەو دەقە بکات، تاوەکو لایەنی ڕاستی و هەڵبەستراوی بۆ دەرکەوێ (نوشیروان، 2016 :112).

لەمامەڵەکردنی لەگەڵ دەقیشدا وەکو ساغکەرەوەیەک و پشت بەستو بەمیتۆدی ساغکاری کاری کردوە، بەوردی لەدەقی مێژویی کۆڵیوەتەوە وەکو لێوردبونەوەی لە دەستنوسی (گەشتەکەی ئەبی دولف مسعر) [18] بۆ شەهرەزور، هەڵبەت وردبونەوە لەمێژوی نوسین وژیانی نوسەر وجۆری خەتەکەی و دڵنیابونەوە لە سڕینەوە و نەمانی وشە و ڕستە یان بەش و بابەتەکانی، یان پشکنینی ناوەوە و دەرەوەی حیسامەددین بۆ دەق، زیاتر ئاماژەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی ڕوداوە مێژوییەکانی ناو دەقەکەیە لەهەواڵ و ڕوداوی هەڵبەستراو (القیسی. العانی،197٥ :١١،١٠)، بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی یاقوت الحموی (ت٦٤٤ه /1236م) لە (معجم البلدان)دا لەپاشکۆیەکدا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی بۆ نامەی دوەمی ئەبی دولف کردوە، کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ بەسەر مێژوی چاپکردنیدا تێدەپەڕێ.

سەرەتا حیسامەددین لەبارەی ژیانی نوسەری سەرچاوەکە دواوە، پێیوایە بەهۆی سەرچاوەی کەمەوە زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی کەسایەتی و مێژوی ژیانی ئەبی دولف لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی یتمیة الدهر (الثعالبي ت 350ھ/429 م) و الفهرستی (ئیبن الندیم ت383ھ / 994م) وأثار البلاد واخبار العبادی (القزوینی ت600ھ/682م ) و زانیارییەکانی هەردو نامەی یەکەم ودوەمی ئەبی دولف، ڕۆشنایی خستوەتە سەر ژیانی نوسەر، بەشێوەیەکی بابەتی و بەپشتبەستن بەمیتۆدی شیکاری و بەستنەوەی بەواقیعەوە شرۆڤەی بۆ ڕوداو وشوێنی گەشتەکەی ئەبی دولف کردوە، لەسەرەتای کتێبەکەی دا، حیسامەددین بەپشت بەستن بەهەندێ سەرچاوەی مێژوی لەوانە (الفهرست)ی ئیبن نەدیم، گومان لەگەشتەکەی بەرەو وڵاتی چین دەکات، چونکە زانیارییەکانی لەڕاستییەوە دورن بەتایبەت لەبارەی قەبارە وسنوری وڵاتی چینەوە، باس لەوەش دەکات کە هەندێ لەم مێژونوسان پێیانوایە کە گەشتی ئەبی دلف بۆ وڵاتی چین لەواقیعدا بونی نییە، بەڵکو زادەی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک هەواڵە کە خوێندویەتییەوە یان بیستویەتی لەخەڵکی ترەوە، حیسامەددین بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو ڕای هەردو مێژونوس بارتۆڵد ومینۆرسکی[١٩] خستوەتە بەرچاو کە یەکەمیان بەچیرۆکێکی هەڵبەستراو و دوەمیان بە نیمچە ڕاستی دەزانێ، حیسامەددین لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەبەردەستدا نییە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی گەشتەکەی مسعر بۆ وڵاتی چین (النقشبندي، 2012: 17)، حیسامەددین بەپشت بەستن بە کۆمەڵێک دەستنوس و سەرچاوەی کۆن و مەرجەعی عەرەبی و ئینگلیزی و چەندین لێکۆڵینەوەی جیاجیا بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی، باس لە گرنگی نامەی دوەمی ئەبو دلف دەکات لەدیدی توراسی جوگرافی عەرەبەوە، چونکە لەم نامەیەیدا وەسفی ئەو شارانەی کردوە کە بەرێکەوت ڕوی تێکردوە و باسی قەڵا و پرد و تاق و بەنداو و کۆشک و بینا بەرزەکان و نەخشی سەر بیناکانی کردوە، جگە لە خستنەڕوی نەخشەی ناوچە شوێنەوارەکانی شەهرەزور و دەوروبەری بەتایبەت نەخشەی خورماڵ و وێنەکانی قەڵای حەسنەوی و تاقی خورماڵ و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و ڕیزکراو، پێرستێکی کورت و پوختی بۆ سەرجەم ناوی کەسەکان و شوێنەکان لەدوا لاپەڕەی کتێبەکەدا داڕشتوە، بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی ڕێزبەندی پیت ناوەکانی بەدواییەکدا نوسیوە و بۆ سەر دو بوار پۆلێنی کردوە، ئەویش بواری کەسەکان و بواری شوێنەکان. (النقشبندي،2012: 18)، پێشمان وایە دەبوایە حیسامەددین نەقشبەندی زیاتر لەسەر ئەم ڕێبازە کاری بکردایە، چونکە شارەزاییەکی زۆری لەزمانی عەرەبیدا هەبوە و هاوکات خاوەنی سەلیقەیەکی زۆریش بوە لەئارامگرتن بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتنی ڕاستییە مێژوییەکان لەدەستنوسە کۆنەکان دا، کەدەبینین لەسەردەمی ئێستادا بۆتە زانستێکی تارادەیەک سەربەخۆ.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

پاش گەڕان و لێکۆڵینەوەمان لەسەر ژیاننامە و بەرهەم و ڕێبازی حسامەدین نەقشبەندی لەنوسینەوەی مێژودا، و گوێگرتن لە ڕا و بۆچونی هاوپیشە وفێرخواز وکادرەکانی گەشتین بە چەند خاڵێکی گرنگ:

1. بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە شێوەگرتن و پێکهێنانی فیکر و بیروباوەڕی حسامەدیندا، کەلەماوەی ساڵانێکدا لەدایکبو، لێوانلێو بو لەململانێی سیاسی و تایفی و حیزبی و نەتەوەیی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرو کەسایەتی حسامەدین نەقشبەندی هەبو.

2. هەڵبەت پێش حیسامەددین، کورد خاوەنی چەندین مێژونوسی دیکە بوە، هەریەکەیان هەوڵی خۆیان بۆ نوسینەوەی مێژوی ئەم گەلە داوە، بەڵام ئەوەی کە ناوبراو لەمان جیادەکاتەوە، کارکردنێتی لەچوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا و توانیوێتی بەپشتبەستن بەسەرچاوەی کۆنی ڕەسەن و ئەکادیمی، مێژوی کورد لەسەردەمی ئیسلام و سەدەکانی ناوەڕاستدا بنوسێتەوە، و لەم بوارەشدا توانی بناغەیەکی گرنگ بۆ نوسینەوەی مێژوی کورد داڕێژێت.
3. لەبواری نوسینەوەی مێژودا، حسامەدین خزمەتی زۆری بە مێژوی کورد کردوە، بەخستنەڕوی مێژوی میرنشینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەک میرنشینی حەسنەوەی بەرزیکانی و عەنازی شازنجانی لە ماستەرنامەکەیدا و میرنشینی ڕەوادی لەتێزی دکتۆراکەیدا، ئەمە لەسەردەمێکدا بو کە قسەکردن لەسەر مێژوی بونی کورد و کولتوری کورد لەژێر سایەی ڕژێمی بەعسی فاشیستدا قەدەغەبوە، بەڵام حیسامەددین بێلایەنانە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ و زانستی و بەئارامی توانیوێتی ئەو مێژو بنوسێتەوە.
4. حیسامەددین بەشێوەی مەنهەجی مێژوی نوسیوەتەوە، لەچوارچێوەی بنەماکانی زانستی ڕێبازدا کارەکانی لەبواری نوسینەوەدا ئەنجام داوە، لەمەشدا پشتی بەیەک ڕێباز دیاریکراوی نەبەستوە، بەڵکو بەپێی دیراسەتکردنی بابەتەکە جۆری میتۆدەکەی هەڵبژاردوە، بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازی هەڵهێنجانی بەکارهێناوە ومامەڵەی زانستی ومێژویی لەگەڵ ناواخنی دەقدا کردوە، کە سەرەتا وەسفی دەقە مێژوییەکەی کردوە و دواتر شرۆڤەی کردوە.

# The method of writing history
# According to Hisamaddin Naqshbandi

**Shwan Othman Mustafa[1] - Shamal Ahmed Mhamad Salh[2]**

[1]Department of history, Middle Ages history, college of humanities, University of sulaimanya, Slaymaneayh, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of history, Middle Ages history, college of humanities, University of Halabja, Halabj, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

We cannot call everyone who writes history and records events a historian، because the work of a historian is difficult and responsible.
It requires a certain scientific curriculum and approach based on a number of spiritual tools such as honesty، objectivity and impartiality.
Hassameddin Naqshbandi is one of the prominent Kurdish historian who played an important role in writing Kurdish history in the middle ages in general and the Islamic period in particular، even as an expert in Islamic history in his historical writings and publications، within the framework of his historical research in all three historical periods (medieval، modern and contemporary) he relied on analysis in the transmission of historical texts، in addition to describing historical events in an objective manner Religion، regionalism and nationalism in this field، not only worked as an ordinary historian، but at the same time he was a proofreader، critic and worshipper.
This research consists of two main works of hassamedin Naqshbandi and the second is about his method of writing history.

**Keywords** : Method, History, Hisamaddin, Naqshbandi.

## سەرچاوەكان


الاصفهاني، (١٩٦١) حمزة بن الحسن (ت280 ه / 970م): تأريخ سني ملوك الارض والانبياء، دار مكتبة الحياة، بيروت.

الطبري، (١٩٦٠) أبو جعفر محمد بن جرير (ت 310ه/ 922م): تأريخ الامم والملوك: تحقيق: محمد بن أبو الفضل ابراهيم: مطبعة دار المعارف، مصر.

أبن حوقل(بدون سنة)، أبو القاسم محمد بن علي بن حوقل النعيمي (ت 367ه / 977م) صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت.

أبن خردانبة(٢٠١٦)، أبو القاسم عبيد الله بن عبدالله الخراساني (ت 300ه/ 897م): المسالك والممالك، مكتبة المثنى، بغداد.

أبن خلكان(١٩٧١)، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن ابي بكر بن خلكان (ت 681ه/1282م): وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق، محمد محي الدين عبد الحميد، مطبعة السعادة، بيروت.

الشهرستاني(١٩٥٦)، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم (ت 548ه/ 1153م): الملل والنحل، حقق وقدم له وعلق عليه د. ألبير نصري نادر، مط. الخانجي، القاهرة.

القزويني(١٩٦٠)، أبو عبدالله زكريا بن محمد بن محمود (ت682ه/ 1283م): اثار البلاد و أخبار العباد، دار صادر، بيروت.

أبن نديم(٢٠١٣)، محمد بن أسحاق (ت 384ه _ 994م): الفهرست، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

أبى دلف مسعر بن مهلهل الخزرجى(١٩٩٥) الرسالة الاولى، دراسة وتحقيق: د.مريزن سعيد مريزن عسيرى، ط1، مكتبة ملك الفهد، السعودية.

أثير كاظم عبد زيد الخالدي(٢٠١٨): المؤرخ محسن محمد حسين وجهوده الفكرية، دراسة تأريخية، ط1، مطبعة الميزان، النجف.

أحمد زكي البدوي(١٩٩٣): معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، ط١، مكتبة لبنان، بيروت.

أحمد ناجي الغريري(٢٠١١): د.محسن محمد حسين: حياته، أثاره، منهجه في كتابة التأريخ، ط1، مطبعة، العالمية الحديثة، النجف الاشرف.

ادوارد كار(٢٠١٨): ماهو التأريخ، تر: ريهام عبد المعبود، ط١، مطبعة بيروت، لبنان.

ارثر كريستينس(١٩٥٧)، ايران فى العهد الساساني، تر.يحيى الخشاب، مطبعة تأليف والترجمة والنشر، القاهرة.

جفرى بارندر(١٩٩٦): المعتقدات الدينية لدى الشعوب القديمة، ترجمة. الامام عبدالفتاح أمام، ط2، مكتبه مدبولي، القاهرة.

جواد كاظم البيضاني(٢٠٠٢): التاريخ والمؤرخين الكرد، ط1، دار ومكتبة البصائر، بيروت، لبنان.

حسام الدين علي غالب النقشبندي(٢٠١٣): مقدمة وتحقيق عن كتاب مسائل في التراث وكتاب الخراج وصناعة الكتابة لقدامة بن جعفر، مط الوقف السني، بغداد.

حسام الدين محمود الفياض(١٩٨٩): أميل دوركهايم، المنهج التفسيري في دراسة الضواهر الاجتماعية كأشياء، دراسة في علم الاجتماع البنائي، ط1، مط: التنويري، القاهرة.

خليل ابراهيم جاسم(١٩٨٩): منهج ابن خلكان في وفيات الاعيان، أطروحه الدكتوراه في التأريخ الاسلامي غير منشورة مقدمة لكلية الاداب، جامعة الموصل.

خيرالدرين الزركلي(١٩٨٦): الاعلام لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، ط7، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

حسين قاسم العزيز(٢٠١٣)، مسائل في التراث وكتاب الخراج وصناعة الكتابة لقدامة بن جعفر، بعض الملاحظات السريعة، تقديم ومراجعة: حسام الدين علي غالب النقشبندي، الوقف السني، بغداد.

سيد أحمد علي(١٩٨٢): فن كتابة التاريخ و طرق البحث فيه، القاهرة.

صبحى عبد المنعم محمد(د.س)، برنارد لويس ومنهجه فى دراسه التاريخ الاسلامى، (د.س).

صلاح الدين منجد(١٩٨٧): قواعد تحقيق المخطوطات، دار الكتاب الجديد، بيروت.

الطباع أياد خالد(٢٠٠٣)، منهج تحقيق المخطوطات، ط١، مطـ: دار الفكر، دمشق.

العاطف علبي(٢٠٠٦): المنهج المقارن مع دراسات تطبيقية، ط1، مطبعة المجد، بيروت، لبنان.
عباس العزاوي(١٩٠٠): عشائر العراق، بأشراف: علي انساب، بغداد.
عبد الحميد صائب(٢٠٠٨)، علم التأريخ ومنهاج المؤرخين،فى علم التاريخ نشاة وتدوينا ونقدا وفلسفة ومناهج كبار مؤرخي الاسلام، ط2، مطبعة الغدير، بيروت، لبنان.
عبد الرحمن البدوي(١٩٧٧): مناهج البحث العلمي، ط3، وكالة المطبوعات، الكويت.
عبد الرحمن البدوى(١٩٩٣): موسوعة المستشرقين، ط٣، دار العلم للملايين، بيروت.
عبد الرحمن حسين العزاوي(١٩٨٢): المسعودي مؤرخا، (ت 957ز)، كتابخانة، بغداد.
عبيدالله الفياض(١٩٧٢): التأريخ فكرة ومنهجا، ط1، مطبعة اسعد، بيروت.
عمار بحوش، محمد محمود الذنيبات(٢٠٠٩): مناهج البحث العلمي وطرق اعداد البحوث، ديوان مطبوعات الجامعية، ط5، الجزائر.
قاسم يزبك(١٩٩٠) التأريخ ومنهج البحث التأريخي، ط1، دار الفكر اللبناني، بيروت.
قسطين زريق(١٩٥٩): نحن والتأريخ، بيروت.
كارل بروكلمان(٢٠٠١): تأريخ الشعوب الاسلامية، ت: نبيه أمين فارس، منير البعلبكي، ط5، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.
لويس جوتشلك(١٩٦٦): كيف نفهم التأريخ، مدخل الى تطبيق المنهج التأريخي، تر. عائدة سليمان عارف و د.احمد مصطفى أبو حاكمة، مؤسسة فرنكلين للطباعة والنشر، بيروت، نيويورک.
محمدأمين زكي(١٩٥٠): تأريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي، تر: ملاجميل روزبياني، بغداد.
محمد سرحان علي(٢٠١٩): مناهج البحث العلمي، ط3، دار الكتب، صنعاء.
محمد محمد قاسم(١٩٩٩): المدخل الى مناهج البحث العلمي، ط1، مطبعة بيروت، لبنان.
مشوح فرحان العنزي _ الحازمي عبد العزيز علي(٢٠١٥): جذور ومصادر المنهج التوثيقي، جامعة الامام محمد بن سعود، (ب.م) السعودية.
مهدي فضل الله(١٩٩٨): أصول كتابة البحث وقواعد التحقيق، ط2، (ب.م) بيروت.
نوري محمودالقيسي، العاني د.سامي مكي(١٩٧٥) منهج تحقيق النصوص، مط: المعارف، بغداد.
هاشم يحيى الملاح(٢٠٠٧): المفصل في فلسفة التأريخ، ط1، مط. بيروت، لبنان.
يلماز أوزتونا(١٩٩٨): تأريخ الدولة العثمانية، تر، أحمد عبد الحسين، ط1 مطبعة الحوادث، بغداد.

حسام الدين النقشبندي(2010): في ذكرى الاديب والمؤرخ الكردي، حسين حوزنى موكرياني، مجلة كاروان، عدد (14) تشرين الثاني، سليمانى.
حسام الدين النقشبندي(1988): خطط اربيل في كتاب: تأريخ اربل والمسمى: نباهة البلد الخامل بمن ورده من الاماثل، عدد (118)، أربيل.
حسام الدين النقشبندي(2009): أصل تسمية شهرةزور و معناها، مجلة (ژين) عدد (١)، السنه الاولى، السليمانية، حزيران.
حسام الدين النقشبندي(201٠): عبد الرزاق بدرخان ومحاكمته في طرابلس الغرب وفق وثيقة عثمانية، مجلة (ژين)، مؤسسة ژين، سليمانى،.
حسام الدين على غالب النقشبندي(2002): ديانة الكرد قبل الاسلام والفتح الاسلامي لهم، معتقداتهم الدينية والمذهبية حتى أواخر قرن الخامس الهجري، في أقليمي شهرزور ولورستان' ملحق عربى، مجله (هەزار مێرد)، عدد (١٩)، سليمانى.
د.حسام الدين النقشبندى(١٩٨٥): المدن القديمة المندرسة في محافظة السليمانية وتعيين مواقعها، ملحق عربى، مجله (كاروان)، عدد (٣٤)، سليمانى.

محسن التاجر: منهج الوصفي أحد ابرز المناهج المهمة المستخدمة في الدراسات العلمية، مقالة منشورة في الانترنيت، موقع الشبكة alshabaka.com info@، 2010/3/1.

ميسوم بلقاسم(2018): العلوم المساعدة للتأريخ " الجغرافية نموذجا "،كلية العلوم الاجتماعية، جامعة بسكرة، مجلة جامعة الجزائر، عدد (32)، الجزائر.

حیسامەددین نەقشبەندی(٢٠١٦): شوێنی شاری کونی شارەزور پاشماوەی خورماڵ ئیستایە نەک بیستان سور، گۆڤاری (ژین)، ژمارە (٨)، ساڵی هەشتەم، دیسەمبەر.

حیسامەددین نەقشبەندی(٢٠١٠): شوێنەواری دەربەندی بازیان، بەپێی بەڵگەنامەی عوسمانی، پاشماوەی قەڵایەکی کۆنە، گۆڤاری (ژین)، ژ (2)، بنکەی ژین، سلێمانی.

حیسامەددین نەقشبەندی(١٩٨٨): لێکۆڵینەوەی شوێنە دیارەکانی هەولێر لەکتێبی ئیبن المستوفی دا (تأريخ أربيل)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٨).

أراس فەریق زەینەڵ، ڕێکەوتی ٥/2022/6، هەڵەبجە، کاتژمێر :am10:30

أسماعیل شکر، ٦ی دیسەمبەر 2021 شەممە، هەولێر، کاتژمێر 02:٥0 AM.

زرار صدیق توفیق، ١٦ی دیسەمبەر 2021 سێ شەممە، کاتژمێر ٠٥:٣٠. am

شوان عوسمان موستەفا،2022/٣/٣٠، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە،١١:٠٠ pm.

عەبدوڵا عەلیاوەیی: ڕێکەوتی 2021/١١/١٠، سلێمانی، کاتژمێر ١١:٣٠ pm

قادر محەمەد حەسەن: ڕێکەوتی 2021/١٢/١٨، شەممە، هەولێر، کاتژمێر ٧ pm

کەیوان ئازاد ئەنوەر، 12/٦ /2021، سلێمانی، کاتێژمێر 09:29.

محسن محمد حسین، ئەکادیمیا، هەولێر، 2021/١١/٤، کاتژمێر ١2:٣٠ Am

مهدي محەمەد قادر، ڕێکەوتی 2022/4/4، دوشەممە، کاتژمێر ١٥ :AM:١2 .

سولاف حیسامەددین نەقشبەندی: ڕێکەوتی 2021/11/4، دریم لاند، سلیمانی، 12:30 pm

منال بنت مبطي المسعودي(١٤٢٢): سبل الاستنباط عند الاصوليين وصلتها بالمنهج البلاغي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة ام القرى، السعودية .

حسام الدين علي غالب النقشبندي(٢٠١٠): أذربيجان في العصر السلجوقي، (420_ 624ه /1029_1227م)، المركز الاكاديمي، بيروت.

حسام الدين علي غالب النقشبندي(٢٠١١): الكرد في لرستان الصغرى وشهروز خلال العصر الوسيط، ط1، مطبعة شڤان، السليمانية.

_ شوان عوسمان مستەفا(٢٠٠٢): کوردستان و پرۆسەی بەئیسلامکردنی کورد، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

_ کامەران عەزیز عەبدوڵا(٢٠١٢)، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی عەباسی دا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ السيرة الوظيفية لحسام الدين علي غالب النقشبندي: حياته ومؤلفاته، 31/ 12 /2016

## پەراوێزەکان

هەمەوەندییەکان: یەکێکن لەعەشیرەتە ناسراوەکانی مێژوی کورد، لەدەوروبەری چەمچەماڵ و بازیان نیشتەجێبون، هەرچەندە لەڕوی بیروباوەڕەوە ئیسلامین و پابەندی بیروباوەڕ و ئەرکەکانی ئەو ئاینەن، بەڵام لەمێژودا خۆیان بەتاڵانکاری و دزییەوە گرتبو، دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی بەشداری نەکردنیان لەسیستمی سەربازی زۆرەملێ، بەشێکیانی بەرەو دەرەوەی وڵات بەتایبەت لیبیا و ئەستانبول دورخستبوەوە. (عباس العزاوي: عشائر العراق، ج2، ص[77]).

عەبدولرەزاق بەدرخان: کوڕی نەجیب پاشایە کە کوڕە گەورەی بەدرخانی بەگی گەورەیە، لەساڵی ١٨٤٦ز لەئەستەنبول لەدایکبوە، مەیلێکی قەومی هەبوە، بۆیە عوسمانییەکان گێچەڵیان پێکردوە، لەساڵانی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەیەم بوەتە فەرمانبەر لەوەزارەتی دەرەکی دەوڵەتی عوسمانیدا، لەسەرەتای ساڵی ١٩١٤ هەوڵی سەرخستنی پرۆژەی دەوڵەتی کوردی داوە، و دواتر لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەستبەسەرکراوە و ڕەوانی لیبیا کراوە، پاش ئازادکردنی لەساڵی ١٩١٨ بەشێوەیەکی نهێنی دادگایی کراوە و دواتر لەسێدارە دراوە.(د.حسام الدین النقشبندی: عبد الرزاق بدرخان ومحاكمته في طرابلس الغرب وفق وثيقة عثمانية، مجلة (ژين)، مؤسسة ژين، السليمانية، 2014،ص[202]).

دایکی هلالی کوڕی میر بەدر سەربەهۆزی شازنجان بو کە لەلایەن ئەبولفەتحی محەمەدی کوڕی عەناز پێشەوایەتی دەکرا. نەیاری بەدری کوڕی حەسنەویی بو.(حسام الدين النقشبندي: الكرد في دينور..،ص١٩١).

عوسمانییەکان: ناوی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی ناسراوە، لەساڵی 1299 لەلایەن عوسمانی کوڕی ئەرتغرل دامەزراوە و لە 29ی ئۆکتۆبەری 1923 کۆتایی بەحوکمڕانی هات کە نزیکەی ٦٠٠ ساڵی خایاند ناوچەکانی ئاسیای بچوک و باشوی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لەژێر دەستی دابو.(يلماز أوزتونا: تأريخ الدولة العثمانية، ت، أحمد عبد الحسين، ط1 مطبعة الحوادث، بغداد، 1998، ص44).

دەستنوسی حەیدەر عزیز خەسرەو ئاغا، بریتییە لەکۆمەڵێک یادداشتی گرنگ لەبارەی مێژوی عەشیرەتی هەمەوەند کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٢٨ و لەئێستادا لەژێر دەستی ڕائیدی خانەنشین (نجم الدين فتاح نصر الدين هەمەوەندی)یە کە لە سلێمانی نیشتەجێبوە (أحمد محمد أحمد: أكراد الدولة العثمانية، تأريخهم الاجتماعي والاقتصادي والسياسي (١٨٨٠_1923، أربيل، 2009،ص299).

عباس العزاوي (1890_1971): مێژونوس و پارێزەر و ئەدیبی بەناوبانگی عێراقی، لەساڵی ١٩٤٣ ئەندامی کۆڕی زانستی عەرەبی بوە لەدیمەشق، کۆلێژی مافی خوێندوە و بۆماوەی چل ساڵ وەکو پارێزەر کاری کردوە تا دواساڵەکانی تەمەنی، و کتێبخانەیەکی گەورەی پڕ لەدەستنوس و بەڵگەنامەی مێژویی گرنگی کۆکردەوە، خاوەنی چەندین بەرهەمی مێژوییە لەوانە: تأريخ العراق بين الاحتلالين، تأريخ عشائر العراق، تأريخ اليزيدية وأصل عقيدتهم.. (خيرالدرين الزركلي: الاعلام لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، ط7، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان،1986، ص266).

محمد ئەمین زەکی بەگ کوڕی عەبدولرەحمان کوڕی محمود(١٨٨٠ _ ١٩٤٨): لەبنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانییە، بەشداری لەڕوداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا کردوە و ژمارەیەک کتێبی لەسەر مێژوی ئەو ڕوداوانە نوسیوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ _ ١٩٤2یازدە جار پۆستی وەزارەتی وەرگرتوە. (مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی.. ١٨20_1920، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2014،ل[263،264]).

گوشتاسپ: پێنجەمین پادشای ئەخمینییەکانە و باوکی ناوی لهراست (لهراسب)ە، ئاسانکاری زۆری بۆ زەردەشت کرد تا لەخۆرهەڵاتی ئێران ئاینەکەی بڵاوبکاتەوە.(الاصفهاني: 1961، ص36).

ورمێ: شارێکی گەورەی ئازەربیجانە، هەندێ کەس مەزەندە دەکەن کە زەردەشت خەڵکی ئەم شارە بوبێت، نزیکەی 240کم لەموسڵەوە دورە (الاصطخري: المسالك والممالك، مر: دي غوية، 1927،ص111).

ئاینی مانی: لەپاش مردنی ئەردەشتێری بابکان لەساڵی 241ز دەرکەوت بەتایبەت لەڕێوەڕەسمی تاج لەسەرنانی شاپوری کوڕی ئەردەشتێر، بەڵام بەهۆی بیروباوەڕەکانییەوە لەلایەن دەوروبەرە بەزەندیق ناسرا و لەساڵی 276ز کوژرا (ئارسور کریستینسێن: ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، چ2،چاپخانەی شڤان، و. سەلاحەدین ئاشتی: سلێمانی، 2011، ل١٨٧).

ئاینی مەزدەکی: لەسەردەمی شا قوبادی یەکەم (488_٥31ز) دەرکەوت، مەزدەک سەرپەرشتی بزوتنەوەیەکی نوێی ئاینی کرد توانی شا قوباد بهێنێتە سەر بیروباوەڕی ئاینەکەی و لەسەردەمی شا نوشیرواندا کوژرا و کۆتایی بەئاینەکەی هات. (عامر سلمان ومالک الفتيان: محاضرات في التاريخ القديم، مطبعة جامعة موصل، 1987، ص 230).

دینەوەر سەر بەهەرێمی چیاکانە، دەکەوێتە نزیک کرمانشاه، دانیشتوانەکەی تێکەڵن لەنێوان عەرەب وعەجەم، لەکاتی فتوحاتی لەشکری عەرەبە موسڵمانەکان ناوی هاتوە. (الاصطخري: المسالک والممالک، ص١١٧).

ئەبو مسلم خوراسانی: بانگەشەکاری دەوڵەتی عەباسی، چەندین ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە و هەندێ دەڵێن عەرەبە، و هەندێکی دیکە بەعەجەمی دەزانێ، هەندێکیش بەپشت بەستن بەبەڵگەیەکی شیعری کە لەلایەن ئەبو دەلامە وتراوەتەوە پاش کوشتنی خوراسانی، ڕەچەڵەکی دەبەنەوە سەر کورد:

أبا مجرم ما غيرالله نعمة

على عبده حتى يغيرها العبد

أفي دولة المنصور حاولت غدره

الا ان أهل الغدر أباؤک الكرد.. (أبن خلكان: وفيات الاعيان، ج3،ص155)

کارل بروکلمان (١٨٦٨_١٩٥٦): ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگی ئەڵمانییە لەشاری روستوک لەدایک بوە لەقۆناغی ئامادەییدا حەزی بەخوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی چوە و چەندین ناوچە و شوێنی گەلانی ڕۆژهەڵات گەڕاوە و بیروبۆچونەکانی خۆی لەبەرهەمەکانیدا دەربارەی گەلانی ئیسلام و بیروباوەڕی دینی دەربڕیوە. (عبد الرحمن البدوي: موسوعة المستشرقين، ط3، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 1993، ص98)

بەهرامی کوری شاپوری یەکەم، لەپاش مردنی شاپۆر لەساڵی 272 دەسەڵاتی ساسانییەکانی گرتە دەست لەسەردەمی ئەم دا ئاینی مانی دەرکەوت.(ارثر کریستی نس، ايران فى العهد الساساني، ص187).

ناصر خوسرەوی، گەریدەیەکی ئیرانییە لە ساڵی ٤٣٨ سەردانی تەبریزی کردوە، پاش چوار ساڵ لەڕودانی بومەلەرزەکەی کە بوە هۆی مردنی چل هەزار کەس.(النقشبندي: 2010،ص١٤٣).

ئەبو دلف مسعربن مهلهل الخزرجي (293 _384ه): ئەدەب دۆست و شاعیر و زانا بوە، ڕەچەڵەکی بەناو ونازناویشەوە دەگەڕێتەوە بۆ عەرەب و خەڵکی دانیشتوی ناوەڕاستی دورگەی عەرەبییە سەردانی ناوچەی شارەزور ودەوروبەری کردوە، گەشتەکانی لەدو نامەدا خستوەتەڕو، یەکەمیان بۆ چین و تورکستان و بانی تبت و هندستان و دوەمیان بۆ ئازەبیجان وئەرمیینا وئێران و شەهرزور وەسفکردوە، هەردو نامەکەی بەگرنگترین سەرچاوەی مێژویی جوگرافیناسە موسڵمانەکان دادەنرێت، تەمەنی نەوەت ساڵی تێپەڕاندوە و خاوەنی کتێبی (عجائب البلدان)ه. (أبى دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي: الرسالة الاولى، دراسة وتحقيق: د.مريزن سعيد مريزن عسيرى، ط1،مكتبة ملك الفهد، السعودية، ١٩٩٥ص١١).

ئەبولهجاء لروادی: پاش مردنی باوکی محمد کوڕی حسین ڕوادی، دەسەڵاتی میرنشینی ڕەوادی گرتە دەست و توانی لەساڵی ٣٤٥ک دەست بەسەر تەبرێزدا بگرێت، وکردی بەپایتەختی میرنشینەکەی، لەساڵی ٣٧٨ ک وەفتای کردوە.(النقشبندی:2010، ١٠٠).

فلادیمیر مینورسکی (١٨٧٧_١٩٦٦ز ) ڕۆژهەڵاتناسێکی روسی یە، پسپۆرە لەبواری لێکۆڵینەوەی فارسی و کوردی و مێژوی ئێران وئاسیای ناوەڕاستی ئیسلامی، لەبەرهەمەکانی: لەودیوی قەوقازەوە، سنوری جیهان و (ئەهلی حەق) و گەشتەکانی ئەبی دلف لەئێراندا لەساڵی ١٩٥٥ ز بڵاوکردۆتەوە (عبد الرحمن البدوى: موسوعة المستشرقين، ط٣، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٣، ص٥٨١.

## لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ل | لاپەرە |
| چ | چاپ |
| ط | طبعة |
| مط | مطبعة |
| ز | زایینی |
| ک | کۆچی |
| م | میلادی |
| ه | هجری |
| وە | وەرگێڕ |
| تر | ترجمة |
| ت | توفی |
| تح | تحقیق |
| ب.س | بێ ساڵ |
| ب.ش.چ | بێ شوێنی چاپ |
| د. ت | دون تأریخ |
| د.س.م.ط | دون سنة ومكان الطبع |